# ژمارەی تانەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بە 130 تانە بەرزبووەوە



ئەمڕۆ چوارشەممە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ڕایگەیاند: ژمارەی تانەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ 130 تانە بەرزبووەتەوە.

وتەبێژی کۆمسیۆن جومانە غەلای، لە بەیاننامەیەکی کورتدا کە دەستی موتەڵع کەوتووە، دەڵێت: ژمارەی تانەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی 2025 بۆ 130 تانە بەرزبووەتەوە.

جێی باسە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو (17ی تشرینی دووەمی 2025)، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی بە دەنگدانی گشتی و تایبەت ڕاگەیاند، هاوکات کردنەوەی دەرگای تانەدان لە ئەنجامەکانی ڕاگەیاند کە بۆ ماوەی 3 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.